# ماڵێک لە بەهەشت

# بيت في الجنة




وەرگێڕانی

هشام لطيف البرزنجي

جمعه وأعده بحمد الله وتوفيقه

أبو عبد العزيز منير الجزائري

# ماڵێك له بەهەشت

الحَمْـدُ لله وَحْـدَهُ، وَالـصَّلاةُ والـسَّلامُ عَلَـى مَـنْ لا نَبِـيَّ بَعْـدَه، وَعَلَـى آلِـهِ وَصَحْبِه، وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحسَانٍ إِلَى يَومِ الدِّين.

**له پاشاندا:**

ئـەوەی کـەوا نـاکۆکی نییـە لـەنێوان ئـەو کەسـانەی نـاکۆکن، دووبـەرەکی نییـە لـە نێوانیـان دوو کـەس، کـە لـە سـەردەمێکی سـەختو ناڕەحەتـداین، وە هەڵخەڵەتێنـەر، وە جـۆراو جـۆر جیـاوازە، بـچوك بێـت یـان گـەورە، سـەختو ناڕەحەت لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، وە لە ڕووی ئابوورییەوە ..

کـە لـە هـەمووی گـەورەتر: نـەبوونی شـتێکە کـە بـچوکی سەرسـام کـردووە پـێش گـەورەکان، گـەورەو وەزیـری شـەرمەزار کـردووە، ئـەویش نـەبوونی نیشتەجێبوونە.

وای لێهـاتووە کەسـێك لـە ئێمـە بـەیانیو ئێـوارە دەکاتـەوەو ڕۆژەکـانی دەژمێرێـتو خەونـەکانی بـە ئومێـدی ئـەوەی خانووەیـەکی هـەبێت مـاڵو منداڵەکانی تێدا کۆبکاتەوە.

ئەگەرچـی ئـەم باسـە پێویـستی بـە کەسـانی شـارەزاو لێکۆڵـەرو ئەنـدازیار هەیـە، داوا دەکـەین لـە خـوای گـەورە کـە ئێمـەو ئـەوانیش تـەوفیق بـدات بـۆ لابردنـی ئـەو نـەبوونی نیـشتەجێبوونە لەسـەر ئوممـەتو خـەڵکیش ئیـسراحەت بکەن.

بۆیـە لـە هۆکـاری خۆشـبەختی لـەم دونیایـە خانوویـەکی فراوانـە، وە لـە بەرامبەریشدا لە هۆکاری بەدبەختی بوونی خانوویەکی تەسکە.

عَـنْ سَـعْدِ بْـنِ أَبِـي وَقَّـاصٍ ﵁ قَـالَ: قَـالَ رَسُـولُ اللَّـهِ ﷺ: « أَرْبَـعٌ مِـنَ الـسَّعَادَةِ: الْمَـرْأَةُ الـصَّالِحَةُ، وَالْمَـسْكَنُ الْوَاسِـعُ، وَالْجَـارُ الـصَّالِحُ، وَالْمَرْكَـبُ الْهَنِـيءُ، وَأَرْبَـعٌ مِـنَ الـشَّقَاوَةِ: الْجَـارُ الـسُّوءُ، وَالْمَـرْأَةُ الـسُّوءُ، وَالْمَـسْكَنُ الـضِّيقُ،

وَالْمَرْكَبُ السُّوءُ »[(١)].

واته‌: له‌ سه‌عدی كوڕی ئه‌بی وه‌ققاصه‌وه‌ (ڕه‌زای خوای لێبێت) ده‌فه‌رمووێت: پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: چوار شت له‌ هۆكاری خۆشبه‌ختی یه‌: ئافره‌تێكی چاك (ئافره‌تی چاك گه‌وره‌ترین نیعمه‌ته‌ بۆ ئینسان له‌ دونیادا)، وه‌ خانوویه‌كی فراوان (كه‌ به‌شی خۆی‌و ماڵ‌و منداڵی‌و ئه‌گه‌ر میوانی هه‌بوو جێگه‌ی ئه‌وانیش ببێته‌وه‌)، وه‌ دراوسێی چاك، وه‌ سوارییه‌كی فراوان (وڵاخ بێت یان سه‌یاره‌ یان هه‌رشتێكی تر، كه‌ ترسی ئه‌وه‌ت نه‌بێت توشی ناڕه‌حه‌تیت بكات).

وه‌ چوار شت له‌ به‌دبه‌ختی یه‌: ئافره‌تێكی خراپ (كه‌ ئازاری مێرده‌كه‌ی بدات به‌ هه‌ر جۆرێكی ئازار بێت ..)، وه‌ دراوسێی خراپ، سواری خراپ، وه‌ خانوویه‌كی ته‌نگ‌و ته‌سك (كه‌ شوێنی ماڵ‌و منداڵه‌كانی نه‌بێته‌وه‌ به‌ ئاسانی).

به‌ڵام ئه‌ی برای خۆشه‌ویست ئایه‌ بیرت له‌ خانوویه‌ك كردووه‌ته‌وه‌، به‌ڵام له‌ ڕۆژی دواییه‌، لێره‌ نییه‌؟

به‌ڵێ ئه‌وه‌ یه‌كه‌م نیشته‌جێبوونی تۆیه‌ .. گه‌وره‌ترو له‌پێشتره‌ .. وه‌ شوێنته‌ له‌ ڕۆژی پاداشت‌و سزا!

فَحَيَّ عَلَى جَنَّاتِ عَدْنٍ فَإِنَّهَا
مَنَازِلُكَ الأُولَى وَفِيهَا المُخَيَّمُ
وَلَكِنَّنَا سَبْيُ العَدُوِّ فَهَلْ تَرَى
نَعُودُ إِلَى أَوْطَانِنَا وَنَسْلَمُ

واته‌:

وه‌رن بۆ به‌هه‌شتی هه‌میشه‌ نه‌بڕاوه‌ چونكه‌ ئه‌و
شوێنی سه‌ره‌تاته‌و چه‌نده‌ها خێری تێدایه‌

---

(١) رواه ابن حبان في "صحيحه" (٤٠٣٢)، وصححه الألباني في "سلسلة الصحيحة" (٤٠٣٢).

بەڵام ئێمە بووین بە کۆیلەی دوژمن (نەفسو شەیتان) ئایا دەبینیت

بگەڕێینەوە بۆ نیشتمانی خۆمان(بەهەشت)و پارێزراو بین (لە دۆزەخ)

**بەهەشت:** " پێکهاتووە لە ژووری بەرز،و ڕاخەری ڕازەوە،و دارو میوەکانیان بۆ نزم دەبێتەوە،و جێگاو ڕاخەری نەرمو ناسکیان لە شوێنی بەرز بۆ ڕاخراوە،و باخیان بۆ هەیە کە هەموو چاکەو شتێکی باشی تێدایەو ئافرەتانێکی تێدایە کە زۆر چاکو ڕەوشت بەرزن،و جۆرەها میوە،و هەر خواردنێك حەزی پێبکەن،و خواردنەوەی خۆش،و تەماشاکردنی دروستکراوی ئاسمانەکانو زەوی، کە تێیدا دەمێننەوە بە هەتاهەتایی، نامرنو پیر نابنو نەخۆش ناکەون ... وە پیسی تێدانییە،و وە بەڵغەمو هیچ شتێکی لەوانە تێدانییە کە لە دوای خواردن بکرێت (وەکو میزو پیسایی) بەڵکو عارەق دەکەن کە بۆنەکەی وەکو میسك وایە"[٢].

"بەهیچ شێوەیەك لێی لانادەنو بۆ شوێنێکی تر ناچنو بێزار نابن،و داوا ناکەن بۆیان بگۆڕدرێت، لەبەرئەوەی تەمەننای چی بکەن دەستیان دەکەوێت، وە چییان بوێت دەیبینن لەو بەهەشتە"[٣].

ئەی برای **خۆشەویستی** ئاقڵو ژیر: بەڕاستی لە هۆکاری لابردنو نەمانی خەمو خەفەتو پەژارە، وە داماڵینی ڕێگاکانی خەمو ئازار: ئەویش بیرکردنەوەیە لە بەهەشت، وە لەوەی تێیدایە لە نازو نیعمەت،و بینینی خوای گەورە.

ئەوە ئاسیای کچی موزاحیمە (ڕەزای خوای لێبێت) خێزانی فیرعەون کاتێك باوەڕداریيەتیو موڵمانییەتی خۆی ئاشکرا کرد، تاغوتەکەی مێردی هەڕەشەی سزاو کوشتنی دا .. ڕووی لە پەروەردگاری کردو بە زەلیلییەوە فەرمووی: ﴿ رَبِّ

(٢) "تفسير القرآن العظيم" (٤/٣١٥).

(٣) "تيسير الكريم الرحمن" (لاپەڕە ١٠٠).

ﭐبۡنِ لِي عِندَكَ بَيۡتٗا فِي ٱلۡجَنَّةِ وَنَجِّنِي مِن فِرۡعَوۡنَ وَعَمَلِهِۦ وَنَجِّنِي مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴾ [التحريم: ١١][٤].

﴿رَبِّ ابْنِ لِي عِنْدَكَ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ﴾ کاتێك کە وتی: ئەی پەروەردگار لەلای خۆت لە بەهەشت ماڵێکم بۆ دروست بکە، (دراوسێی هەڵبژارد پێش ماڵ) ﴿وَنَجِّنِي مِنْ فِرْعَوْنَ وَعَمَلِهِ﴾ وە ڕزگارم بکە لە فیرعەون و لە کردەوە خراپەکانی ﴿وَنَجِّنِي مِنَ الْقَوْمِ الظَّالِمِينَ﴾ وە لەم قەومە ستەمکارو کافرو بێباوەڕانە ڕزگارم بکە.

بۆیە ئەوە ڕاستی کردووە کە وتوویەتی: "هەموو نازو نیعمەتێك جگە لە بەهەشت لەناوچووە، وە هەموو بەڵاو موسیبەتێك جگە لە دۆزەخ سەلامەتییە".

کتێبەکەی خوای گەورە، وە سوننەتی پێغەمبەری خوا ﷺ زەخیرەکەیەکی پڕە لە باسکردنی بەهەشتو نازونیعمەتەکانی، لەبەرئەوەی ئەوە ژیانی ڕاستو هەتا هەتاییە.

بەڵام ژیانی دونیا سەفەرێکە لە سەفەرەکان،و ڕۆیشتنە بەرەو شوێنی مانەوە.

بەڕاستی نازونیعمەتی بەهەشت نایات بە بە بیرو دڵو دەروونـدا، وە مەزەندە ناکرێت بە خەیاڵ.

پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « قَالَ اللَّهُ: أَعْدَدْتُ لِعِبَادِي الصَّالِحِينَ مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ، وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ، وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ »[٥].

واتە: خوای گەورە فەرموویەتی: (فەرموودەکە قودسی یە) ئامادەم کردووە بۆ بەندە چاکەکانم کە هیچ چاوێك نەیبینیووە، وە هیچ گوێ یەك

---

(٤) تەفسیری ئایەتەکان سوودم وەرگرتووە لە تەفسیری ڕێبەر، ئامادەکردنی: مامۆستا صلاح الدين عبدالكريم.

(٥) رواه البخاري: (٣٢٤٤)، ومسلم: (٧٣١٠).

نەيبيستووە، وە نەهاتووە بە دڵی هیچ کەسێکدا.

بەڵام خانووەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ دەربارەی فەرموویەتی: « لَبِنَةٌ مِنْ فِضَّةٍ وَلَبِنَةٌ مِنْ ذَهَبٍ، وَمِلَاطُهَا الْمِسْكُ الْأَذْفَرُ، وَحَصْبَاؤُهَا اللُّؤْلُؤُ وَالْيَاقُوتُ، وَتُرْبَتُهَا الزَّعْفَرَانُ مَنْ دَخَلَهَا يَنْعَمُ وَلَا يَبْأَسُ، وَيَخْلُدُ وَلَا يَمُوتُ، لَا تَبْلَى ثِيَابُهُمْ، وَلَا يَفْنَى شَبَابُهُمْ »[٦].

واتە: « (بەهەشت دروستکردنەکەی) خشتێکی لە زیوەو خشتێکی لە ئاڵتوونە، وە ڕووکەشەکەی لە بۆنی میسکە (کە لە میسکی دونیا نییە، بەڵکو ئەو میسکە سپی یە)، وە بەردەکانی (واتە: بەردە بچوکەکانی) لە مرواریو گەوهەری درەوشاوەیە، وە خۆڵەکەی لە زەعفەرانە، هەرکەسێك بچێتە ناوی خۆشبەخت دەبێتو هەرگیز خەفەتبار نابێت، وە هەتا هەتایی تێیدا دەمێنێتەوەو نامرێت، جلەکانیان شڕ نابێت،و گەنجییان بەسەر ناچێت ».

وە خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿ وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْمُؤْمِنِينَ وَٱلْمُؤْمِنَٰتِ جَنَّٰتٍ تَجْرِي مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَا وَمَسَٰكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّٰتِ عَدْنٍۚ وَرِضْوَٰنٌ مِّنَ ٱللَّهِ أَكْبَرُۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴾ [التوبة: ٧٢].

واتە:

﴿وَعَدَ اللَّهُ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُؤْمِنَاتِ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ خَالِدِينَ فِيهَا﴾ خوای گەورە بەڵێنی داوە بە باوەڕدارانی پیاو و ئافرەت بەوەی کە ئەیانخاتە بەهەشتەوە کە پڕە لە باخ، وە جۆگەلە ئاو بە ژێر دارو ماڵەکانیاندا ئەڕوات بە هەمیشەییو نەمری تیایدا ئەمێننەوە ﴿وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ﴾ وە خانوو کۆشكو تەلاری باشو پاکیان پێ ئەدات کە لە زێڕو زیوە لەناو بەهەشتێك کە شوێنی مانەوەی هەمیشەییە ﴿وَرِضْوَانٌ مِنَ اللَّهِ أَكْبَرُ﴾ وە خوای گەورەش لێیان

---

(٦) رواه التِّرمذي: (٢٢٦)، وصححه الألباني في "صحيح التِّرمذي": (٢٥٢٦).

ڕازی ئەبێت، کە ئەم ڕەزامەندییەی خوای گەورە لە هەموو ئەو نازو نیعمەتانە گەورەترە کە خوای گەورە بە بەهەشتییەکانی ئەبەخشێ ﴿ذَلِكَ هُوَ الْفَوْزُ الْعَظِيمُ (٧٢)﴾ ئا ئەمە بردنەوەی هەرە گەورەیە کە مرۆڤ بچێتە ناو بەهەشتەوەو خوای گەورە لێی ڕازی بێت.

بیربکەرەوە ئەی برای خۆشەویست لە ووتەی خوای گەورە: ﴿وَمَسَاكِنَ طَيِّبَةً فِي جَنَّاتِ عَدْنٍ﴾.

" ڕازاوەتەوەو جوانکراوەو ئامادەکراوە بۆ بەندەکانی خوای گەورە کە تەقوایان هەبووە، بە بینینی دڵخۆش دەبن، وە دڵخۆش دەبن بە شوێنو مانەوەیان لێی، وە بۆیان کۆکراوەتەوە لە پێداویستی خانوو کە هیچ کەسێك تەمەنناى لەوە زیاتر ناکات، هەتتا خوای گەورە ژووری وایانی بۆ داناوە کە لە ئەوپەڕی جوانیو ڕوونی یە، لە دەرەوە ناوەوەی دەبینرێت، وە لەناوەوە دەرەوەی دەبینرێت.

ئەو خانووو ماڵانە دانسقەو تایبەتن، بەڕاستی نەفس ئارام دەبێت تێیدا، وە دڵ بۆی دەڕوات، وە ڕوح موشتاقە بۆی، لەبەرئەوەی لە بەهەشتدایە دەمێنێتەوە، واتە: مانەوەیەکە سەفەری تێدانییە، وە گۆڕانی بەسەر نایات"[٧].

پێغەمبەری خوا ﷺ باسی هەندێك کارو وتەی کردووە کە هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی پاداشتی گەورەو بەڕێز ئەویش: ماڵێکە لە بەهەشت.

ئەویش باسیانە لە پاش ئەوەی کۆمکردووەتەوەو ڕێکم خستووە، خوای گەورە یارمەتی منو ئێوەش بۆ کردەوە پێکردنو بانگەوازکردن بۆی:

---

(٧) "تيسير الكريم الرحمن" (لاپەڕە ٣٤٣).

### ١/ هەركەسێك مزگەوتێك دروست بكات له پێناو خواى گەورە:

عَنْ جَابِرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنهما عَنْ رَسُولِ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « مَنْ حَفَرَ مَاءً لَمْ يَشْرَبْ مِنْهُ كَبِدٌ حَرِيٌّ مِنْ جِنٍّ وَلَا إِنْسٍ وَلَا طَائِرٍ إِلَّا آجَرَهُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَمَنْ بَنَى مَسْجِدًا كَمَفْحَصِ قَطَاةٍ أَوْ أَصْغَرَ بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ »[٨].

واته: له جابرى كوڕى عەبدوڵڵاوه (ڕەزاى خوايان لێبێت) پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى: « هەركەسێك مزگەوتێك دروست بكات لە پێناو خواى گەورە وەكو شوێنى هێلكەى كۆتريش بێت يان لەو بچوكتر، ئەوا خواى گەورە مالێكى لە بەهەشتدا بۆ دروست دەكات[٩] ».

" كَمَفْحَصِ قَطَاةٍ " القَطَا[١٠] باڵندەيەكى ناسراوە بچوكترە له كۆتر،و گەورەترە له چۆلەكە، ئەو شوێنە دەگرێتەوە كە هێلكەكەى تێدەكات.

### ٢/ هەركەسێك بۆشاييەك پڕبكاتەوە:

عَنْ عَائِشَةَ رضي الله عنها قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « مَنْ سَدَّ فُرْجَةً فِي صَفٍّ رَفَعَهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَةً، وَبَنَى لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ »[١١].

واته: له عائيشەوە (ڕەزاى خواى لێبێت) دەفەرموێت: پێغەمبەرى خوا ﷺ فەرموويەتى: « هەركەسێك بۆشاييەك پڕبكاتەوە له نوێژى جەماعەت، ئەوا خواى گەورە مالێكى له بەهەشت بۆ دروست دەكات، وە پلەيەكيش بەرزى دەكاتەوە ».

" مَنْ سَدَّ فُرْجَةً ": هاندانى تێدايە بۆ گەياندنى ڕيزى نوێژەكان لەكاتى نوێژى جەماعەت، وە پڕكردنەوەى بۆشايى نێوانيان.

---

(٨) رواه التِّرمذي: (٢٢٦)، وصححه الألباني في "صحيح التِّرمذي": (٢٥٢٦).

(٩) كە ئەمەش بەڵگەيە لەسەر فراوانىو گەورەيى ڕەحمى خواى گەورە، ... وەبەڵگەيە لەسەرئەوەى پێويست ناكات ئينسان هەوڵى بەس بۆ كارى گەورە بێت، بەڵكو ئەگەر كەميش بێت لەلاى خواى گەورە گەورەيە. الباحث الحديثي.

(١٠) قەتێ، قتك، كەت، كوركورە، كەڕەواڵە، ترەوەژە، پەلەوەرێكى كونجڕە بە قەد كۆترێكە گۆشتى زۆر خۆشە. فەرهەنگى دەريا: (٢/٩٧٢).

(١١) رواه المحَامِلي في "الأمَالي" (٢٢١)، والطبراني في "الأوسط" (٥٧٩٧)، وصححه الألباني في"السلسلة الصحيحة" (١٨٩٢).

### ٣/ نوێژی چێشتەنگاوو چوار ڕكات پێش نوێژی نیوەڕۆ:

عَنْ أَبِي مُوسَى ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « مَنْ صَلَّى الضُّحَى أَرْبَعًا، وَقَبْلَ الْأُولَى أَرْبَعًا بُنِيَ لَهُ بِهَا بَيْتٌ فِي الْجَنَّةِ »[١٢].

واته: له ئەبی موساوه (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: « هەركەسێك چوار ڕكات نوێژی چێشتەنگاو بكات، وه پێش نوێژی یەكەم چوار ڕكات بكات (مەبەست پێی نوێژی نیوەڕۆیە، چونكه یەكەم نوێژبوو فەرزكرا لەكاتی بەرزبوونەوەی پێغەمبەری خوا ﷺ)[١٣]، ئەوا خوای گەوره مالێكی له بەهەشتدا بۆ دروست دەكات ».

### ٤/ هەركەسێك بەردەوام بێت لەسەر دوانزه ڕكات:

عَنْ عَائِشَةَ ﷺ قَالَتْ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « مَنْ ثَابَرَ عَلَى ثِنْتَيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً مِنَ السُّنَّةِ بَنَى اللَّهُ لَهُ بَيْتًا فِي الجَنَّةِ: أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ المَغْرِبِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ العِشَاءِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الفَجْرِ »[١٤].

واته: له عائیشەوه (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « هەركەسێك بەردەوام له كردنی دوانزه ڕكات سوننەت ئەوا خوای گەوره مالێكی له بەهشەتدا بۆ دروست دەكات: چوار ڕكات پێش نوێژی نیوەڕۆ،و دوو ڕكات دوای نیوەڕۆ،و دوو ڕكات دوای ئێواره،و دوو ڕكات دوای عیشا،و دوو ڕكات پێش بەیانی ».

---

(١٢) رواه الطبراني في "المُعجم الأوسط" (٤٧٥٣)، وصححه الألباني في "السلسة الصحيحة" (٢٣٤٩).

(١٣) فيض القدير: (٦/٢١٥).

(١٤) رواه الترمذي (٤١٤)، والنسائي (١٧٩٥)، وابن ماجة (١١٤٠)، وصححه الألباني في "صحيح الجامع" (٦١٨٣).

### ٥/ هه‌ركه‌سێك ده‌ جار سوره‌تی الإِخْلاص بخوێنێت:

عَنْ مُعَاذِ بْنِ أَنَسٍ الْجُهَنِيِّ ﷺ صَاحِبِ النَّبِيِّ ﷺ، عَنِ النَّبِيِّ ﷺ قَالَ: « مَنْ قَرَأَ: قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ حَتَّى يَخْتِمَهَا عَشْرَ مَرَّاتٍ، بَنَى اللَّهُ لَهُ قَصْرًا فِي الْجَنَّةِ »[١٥].

واته‌: له‌ موعاذی كوڕی ئه‌نه‌سی جوهه‌نیه‌وه‌ (ڕه‌زای خوای لێبێت) هاوه‌ڵی پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ، له‌ پێغه‌مبه‌ری خواوه‌ ﷺ فه‌رموویه‌تی: « هه‌ركه‌سێك قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ بخوێنێت تا ته‌واوی ده‌كات ده‌ جار، ئه‌وا خوای گه‌وره‌ له‌ به‌هه‌شتدا كۆشكێكی بۆ دروست ده‌كات ».

### ٦/ هه‌ركه‌سێك منداڵێكی بمرێت‌و سوپاسی خوا بكات‌و إِنَّا لِلَّهِ، وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ بكات:

عَنْ أَبِي مُوسَى الأَشْعَرِيِّ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « إِذَا مَاتَ وَلَدُ العَبْدِ قَالَ اللَّهُ لِمَلَائِكَتِهِ: قَبَضْتُمْ وَلَدَ عَبْدِي؟

فَيَقُولُونَ: نَعَمْ.

فَيَقُولُ: قَبَضْتُمْ ثَمَرَةَ فُؤَادِهِ؟

فَيَقُولُونَ: نَعَمْ.

فَيَقُولُ: مَاذَا قَالَ عَبْدِي؟

فَيَقُولُونَ: حَمِدَكَ وَاسْتَرْجَعَ.

فَيَقُولُ اللَّهُ: ابْنُوا لِعَبْدِي بَيْتًا فِي الجَنَّةِ، وَسَمُّوهُ بَيْتَ الحَمْدِ »[١٦].

واته‌: له‌ ئه‌بی موسای ئه‌شعه‌رییه‌وه‌ (ڕه‌زای خوای لێبێت) پێغه‌مبه‌ری خوا ﷺ فه‌رموویه‌تی: « كاتێك منداڵی كه‌سێك ده‌مرێت خوای گه‌وره‌ به‌ فریشته‌كان ده‌فه‌رمووێت ئایه‌ ڕوحی منداڵی به‌نده‌كه‌ی منتان كێشا؟

فریشته‌كان ده‌فه‌رموون: به‌ڵێ.

---

(١٥) رواه أحمد في "مسنده" (١٥٦١٠)، وحسنه الألباني في "سلسلة الصحيحة" (٥٨٩).

(١٦) رواه الترمذي (١٠٢١)، وحسنه الألباني في "السلسلة الصحيحة (١٤٠٨).

خــوای گــەورە دەفــەرمووێت: ئایــە جگەرگۆشــەکەی‌و بەروبوومەکــەیتان لــێ سەندەوە (ناونراوە بەروبووم لەبەرئەوەی داهـاتووی باوکەکەیـە، وەکـو بـەروبوومی داریك وایە) [١٧]؟

فریشتەکان دەفەرموون: بەڵێ.

خوای گەورە دەفەرمووێت: ئەی بەندەکەم چی ووت؟

فریشتەکان دەفەرموون: حەمدو سەناو سوپاسی تۆی کردوو ووتی: إِنَّا لِلَّهِ، وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ واتـە: ئێمـە هـەموومان هـی خـوای گـەورەین، وە هـەر بـۆلای خـوای گەورەش دەگەڕێینەوە (ئارامی گرت لەسەر ئەو بەڵاو موسیبەتە).

خوای گەورە دەفەرمووێت: ماڵێـك لـە بەهەشـت بـۆ بەندەکـەم دروسـت بکـەن‌و ناویش بنێن ماڵی سوپاسگوزار.

### ٧/ دوعای چوونە ناو بازاڕ:

عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ ﷺ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ قَالَ: « مَنْ قَالَ فِي السُّوقِ[١٨]: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لَا يَمُوتُ، بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ، كَتَبَ اللَّهُ لَهُ أَلْفَ أَلْفِ حَسَنَةٍ، وَمَحَا عَنْهُ أَلْفَ أَلْفِ سَيِّئَةٍ، وَبَنَى لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ »[١٩].

واتە: لە عومەری کوڕی خەتتابەوە (ڕەزای خوای لێبێت) پێغەمبەری خـوا ﷺ فەرموویەتـی: هەرکەسێك لە بازاڕ بلێت: لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَحْدَهُ لَا شَرِيكَ لَهُ، لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ، يُحْيِي وَيُمِيتُ وَهُوَ حَيٌّ لَا يَمُوتُ، بِيَدِهِ الْخَيْرُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ.

---

(١٧) مرقاة المفاتيح: (٣/١٢٤٠).

(١٨) وفي رواية أخرى: " مَنْ دَخَلَ سُوقاً من الأسواقِ ..." حسن: سلسلة الصحيحة (٣١٣٩) واتە: "هەرکەسێك بچێتە بازاڕێك لە بازاڕەکان ...."

(١٩) رواه الترمذي (٣٤٢٨)، وابن ماجه (٢٢٣٥)، وحسنه الألباني في "صحيح ابن ماجه" (١٨١٧).

ئەوا خوای گەورە یەك ملیۆن چاکەی بۆ دەنوسێت، وە یەك ملیۆن تاوانی لێ دەسڕێتەوە، وەماڵێکیشی لە بەهەشتدا بۆ دروست دەکات »[٢٠].

## ٨/ ڕەوشت جوانی:[٢١].

عَنْ أَبِي أُمَامَةَ ﷺ قَالَ: قَالَ رَسُولُ اللَّهِ ﷺ: « أَنَا زَعِيمٌ بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْمِرَاءَ وَإِنْ كَانَ مُحِقًّا، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ لِمَنْ تَرَكَ الْكَذِبَ وَإِنْ كَانَ مَازِحًا، وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى الْجَنَّةِ لِمَنْ حَسَّنَ خُلُقَهُ »[٢٢].

واتە: لە ئەبی ئومامەوە (ڕەزای خوای لێبێت) دەفەرمووێت: پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: « من کەفیلی ماڵێك دەکەم بۆ لە دەوربەری بەهەشت بۆ کەسێك واز لە مشتومڕ بهێنێت ئەگەر لەسەر حەقیش بێت، وە کەفیلی ماڵێك دەکەم بۆ کەسێك لە ناوەڕاستی بەهەشت واز لە درۆکردن بهێنێت ئەگەر بە گاڵتەیشی بێت، وە کەفیلی ماڵێك دەکەم لە بەرزترین پلەی بەهەشت بۆ کەسێك ڕەوشتی جوان بێت ».

"أَنَا زَعِيمٌ" واتە: من کەفیلمو دەستەبەری دەکەم بۆ ئەو کەسەی هەستێت بە جێبەجێکردنی ئەو کردارانە.

---

(٢٠) خصه بالذكر لأنه مكان الغفلة عن ذكر الله والاشتغال بالتجارة فهو موضع سلطنة الشيطان ومجمع جنوده فالذاكر هناك يحارب الشيطان ويهزم جنوده فهو خليق بما ذكر من الثواب ... أو لأن الله ينظر إلى عباده نظر الرحمة في كل لحظة ولمحة فيحرم عنها أهل الغفلة وينالها أهل الحضرة.

مرقاة المفاتيح: (٤/١٦٨٧).

واتە: ئەم زیکرە تایبەتکراوە لەبەرئەوەی شوێنی بێ ئاگاییەو ئینسان توشی مەشغوڵبوون دەبێت بەهۆی کەسابەتەوە وە شوێنی شەیتانو دارو دەستەکەیەتی، وە خوێندنی زیکر دژایەتی شەیتان دەکاتو دارو دەستەکەی دەیروخێنیت، کە ئەوەش گونجاوو شایەنی ئەوەیە پاداشت وەربگرێت ... یان خوای گەورە تەماشای بەندەکانی دەکات بە تەماشکردنێکی ڕەحمەتەوە هەموو کاتو ساتێك، بۆیە ئەوانەی بێ ئاگان ئەو پاداشتەیان دەست ناکەوێتو ئەوانەی دەیخوێنن ئەوان ئەو پاداشتەیان دەست دەکەوێت.

(٢١) ئەم فەرموودەیە پێکهاتووە لە سێ سیفەت: ١- وازهێنان لە مشتو مڕو. ٢- وازهێنان لە درۆکردن ئەگەر بە گاڵتەش بێت. ٣- ڕەوشت جوانی. -وەرگێڕ-

(٢٢) رواه أبو داود (٤٨٠٠)، والنسائي (٣١٣٣)، وحسنه الألباني في "صحيح الجامع" (١٤٦٤).

"رَبَضِ الْجَنَّةِ" واتـــه: دەوروبـــەری‌و لـــه دەرەوەی؛ شـــوبهێنراوە وەكـــو ئـــەو خانووانەی لە دەوروبەری شارەكانن‌و لەژێر قەڵاكانن(٢٣).

ئیمـامی ئـیبن القـەیم (ڕەحمـەتی خـوای لێبێـت) فەرموویـەتی: ئـەوان (واتـە بەهەشتییەكان) لەناو باخ‌و باخاتی بەهەشت ڕادەكشێن‌و ئەمدیو ئـەودیو دەكـەن، وە لـەژێر پـەردەو كـەژاوەدا دانیـشتون، وە لەسـەر ڕاخـەرێك دانیـشتونە كـە لـە ئاوریشمە، وە لەگەڵ حۆرییەكان خۆشی دەبینن، وە لە جۆرەهـا بـەروبووم‌و میـوە دەخۆن.

خـــوای گـــەورە فەرموویـــەتی: ﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُّخَلَّدُونَ ﴿١٧﴾ بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِّن مَّعِينٍ ﴿١٨﴾ لَّا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنزِفُونَ ﴿١٩﴾ وَفَاكِهَةٍ مِّمَّا يَتَخَيَّرُونَ ﴿٢٠﴾ وَلَحْمِ طَيْرٍ مِّمَّا يَشْتَهُونَ ﴿٢١﴾ وَحُورٌ عِينٌ ﴿٢٢﴾ كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ ﴿٢٣﴾ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾ [الواقعة: ١٧ - ٢٤].

واتــە: ﴿يَطُوفُ عَلَيْهِمْ وِلْدَانٌ مُخَلَّدُونَ (١٧)﴾ وە ئـەو مندالانـەی بەسـەریاندا ئەگەڕێن‌و خزمەتیان ئەكەن پیر نابن‌و بۆ هەمیشەیی ئەمێننەوە، كە وتراوە: منداڵی موسڵمانانە كە بە منداڵی مردوونە، یان منداڵی موشـریكانە، یـان كەسـانێكن خـوای گەورە لە بەهەشتدا دروستی كردوون بۆ خزمـەت كردنـی بەهەشـتییەكان ﴿بِأَكْوَابٍ وَأَبَارِيقَ وَكَأْسٍ مِنْ مَعِينٍ (١٨)﴾ بـە جۆرەهـا كـوپ و گڵاسـەوە ئـەوەی كـە دەسـكی نیەو ئەوەی كـە دەسـكی هەیـە، وە جۆرەهـا جـامی تـریش كـە پـڕە لـە مـەی لـەو سەرچاوانەوە بۆیان دێنن كە لێیـان نابڕێـت‌و كۆتـایی نایـات ﴿لَا يُصَدَّعُونَ عَنْهَا وَلَا يُنْزِفُونَ (١٩)﴾ وەكو عەرەق و مەی دونیا نییە كە بیخۆن سـكو سـەریان بـدات لـە

(٢٣) "النهاية في غريب الحديث" ص (٤٦٥).

قيل: المرادُ هنا ما حولَ الجنَّةِ الدّاخليُّ، لا الخارجيُّ؛ لأنَّ أهلَ الجنَّةِ لا يكونون خارجَها. واتە: ووتراوە: مەبەست پێی لە ناو بەهەشت نەك دەرەوەی بەهەشت، چونكە ئەهلی بەهەشت نابێت لە دەرەوەی بن. –الباحث الحديثي– وەرگێڕ.

ئێش، یاخود لە هۆش خۆیان بچن و عەقڵیان ببات، یاخود بڕشێنەوەو میز بە خۆیاندا بکەن، نەخێر وا نییەو لەوپەڕی تامو چێژو لەزەتدایە ﴿وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ (٢٠)﴾ وە جۆرەها میوەیشیان پێ ئەدرێ کە خۆیان هەڵیئەبژێرن، (ئەم ئایەتە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە دروستە لە کاتی خواردنی میوە دەستدرێژ بکەیتو لە پێش خۆتەوە نەخۆیتو هەڵیبژێریت) ﴿وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ (٢١)﴾ وە لە گۆشتی باڵندەیش ئەوەی کە ئارەزووی بکەن پێیان ئەدرێ، باڵندەکانی بەهەشت ملیان وەکو ملی وشتر درێژو گەورەیە ﴿وَحُورٌ عِينٌ (٢٢)﴾ وە حۆریان لە بەهەشتدا بۆ دانراوە کە چاویان یەکجار گەورەیەو ڕەشیو سپی چاویان یەکجار زۆرە ﴿كَأَمْثَالِ اللُّؤْلُؤِ الْمَكْنُونِ (٢٣)﴾ ئەم حۆریانە وەکو دوڕڕو مرواری وان لە سپێتیو جوانیدا کە پارێزراو بێت و دەست پێی نەگەیشتبێت، واتە: لەوپەڕی جوانیو پاکیدان ﴿جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ (٢٤)﴾ خوای گەورە ئەم پاداشتانەیان ئەداتێ بەهۆی ئەو کردەوە چاکانەی کە لە دونیادا کردوویانە.

﴿ يُطَافُ عَلَيْهِم بِصِحَافٍ مِّن ذَهَبٍ وَأَكْوَابٍ ۖ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنفُسُ وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ ۖ وَأَنتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴾ [الزخرف: ٧١].

واتە: ﴿يُطَافُ عَلَيْهِمْ بِصِحَافٍ مِنْ ذَهَبٍ﴾ لە بەهەشتیشدا لەناو قاپی ئاڵتووندا خواردنیان بەسەردا دەگێڕدرێو پێ ئەبەخشرێ ﴿وَأَكْوَابٍ وَفِيهَا مَا تَشْتَهِيهِ الْأَنْفُسُ﴾ وە خواردنەوەیان پێ ئەدرێ لە کوپی ئاڵتووندا، وە ئەوەی نەفسیش ئارەزووی بکات پێیان ئەدرێ ﴿وَتَلَذُّ الْأَعْيُنُ﴾ وە ئەوەی چاوی پێ ڕۆشنا بێت تامو چێژی لێ بکەن هەموو شتێکیان پێ ئەدرێ ﴿وَأَنْتُمْ فِيهَا خَالِدُونَ﴾ وە ئێوە بە نەمری تیایدا ئەمێننەوە.

سوێند بەخوا جاڕی بەهەشت دراوە لە بازاڕی زەرەرمەنیدا، بەڵام کەس تەماشای نەکردو وەرینەگێڕاو کەس نرخی پێ نەدا! تەنها چەند کەسێك لە بەندەکان نەبێت، ئای چەند سەیرە چۆن ئەوەی بەهەشتی دەوێت دەخەوێت؟!

وه‌ ئه‌وه‌ی داخوازی كچ ده‌كات ماره‌یی یه‌كه‌ی نادات؟!

وه‌ چۆن ژیان له‌م دونیایه‌دا خۆشه‌ پاش بیستنی هه‌واڵه‌كانی به‌هه‌شت؟!

وه‌ چۆن ئه‌وه‌ی تامه‌زرۆی حۆری یه‌كانێتی ئۆقره‌ی هه‌یه‌ به‌بێ باوه‌ش كردن به‌ كچه‌كانی به‌هه‌شت؟!

وه‌ چۆن به‌بێ ئه‌وێ چاوی تامه‌زرۆ یان ڕۆشن ده‌بێت؟!

وه‌ چۆن دڵو ده‌رونی ئارام ده‌گرێت؟!

وه‌ چۆن دڵی زۆربه‌ی خه‌ڵكی لێ ی لاده‌دات؟!

وه‌ به‌چ شتێك ده‌رونی ئه‌و كه‌سانه‌ قه‌ره‌بوو ده‌كاته‌وه‌ كه‌ پشتیان تێ كردووه‌؟! [٢٤].

## ڕاوه‌ستانێك:

گه‌وره‌ترین خۆشبه‌ختیو دڵخۆشی، وه‌ ته‌مه‌نناو شادمانی .. ئه‌و ڕۆژه‌یه‌ بوترێت: ﴿هَاؤُمُ اقْرَءُوا كِتَابِيَهْ﴾ [الحاقة: ١٩]. له‌ خۆشیدا هاوار ئه‌كاتو ئه‌ڵێ: وه‌رن كتابه‌كه‌ی من وه‌ربگرنو بیخوێننه‌وه‌، چونكه‌ ده‌زانێت پڕه‌ له‌ چاكه‌

وه‌ گه‌وره‌ترین هاوارو ماڵوێرانی .. ئه‌و ڕۆژه‌یه‌ بوترێت: ﴿يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ﴾ [الحاقة: ٢٥]. خۆزگایا ئه‌م كتابه‌م هه‌ر وه‌رنه‌گرتایه‌ كاتێك كه‌ ئه‌یبینێ پڕه‌ له‌ تاوانو خراپه‌كاری.

خوای گه‌وره‌ زانستو زانیاری به‌سوود به‌ منو ئێوه‌ش ببه‌خشێت وه‌ كرده‌وه‌ی چاكیش، وه‌ بمان كات به‌ كێك له‌وانه‌ی خاوه‌ن ئه‌قڵن كه‌ گوێبیستی قسه‌ ببنو شوێنی بكه‌ون به‌ چاكه‌.

---

(٢٤) "حادي الأرواح" ص (٢٨).

وصلى الله وسلم على نبينا محمدٍ وعلى آله وصحبه أجمعين.[٢٥].

(٢٥) ئەم دوو كردەوەيەيش هۆكارن بۆئەوەی خانووەيەك بەدەست بێنیت لە بەهەشت.

٩و ١٠- موسڵمان بوونو باوەڕهێنان بە پێغەمبەری خوا ﷺ و كۆچكردنو تێكۆشان لە پێناو خوای گەورە:

عَنْ عَمْرِو بْنِ مَالِكٍ الْجَنْبِيِّ، أَنَّهُ سَمِعَ فَضَالَةَ بْنَ عُبَيْدٍ رضي الله عنه يَقُولُ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ ﷺ يَقُولُ: «أَنَا زَعِيمٌ، وَالزَّعِيمُ الْحَمِيلُ لِمَنْ آمَنَ بِي، وَأَسْلَمَ (أي: دخل في الإسلامِ وأدّى حقَّه، وفعَل ما يَجبُ عليه كما أمَرَه اللهُ؛ فأطاعَ اللهَ ورسولَه، وفعَلَ الأوامرَ وانتَهى عن النَّواهِي، وحَفِظَ حدودَ اللهِ) وَهَاجَرَ (إلى المدينَةِ زَمانَ الهجرةِ، أو هاجَر إلى اللهِ وهَجَر ما نَهى اللهُ عنه) بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ.

وَأَنَا زَعِيمٌ لِمَنْ آمَنَ بِي، وَأَسْلَمَ، وَجَاهَدَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ، بِبَيْتٍ فِي رَبَضِ الْجَنَّةِ، وَبِبَيْتٍ فِي وَسَطِ الْجَنَّةِ، وَبِبَيْتٍ فِي أَعْلَى غُرَفِ الْجَنَّةِ، ». صحيح: سنن النسائي (٣١٣٣). الباحث الحديثي.

واتە: لە عەمری كوڕی مالیكی جەنبی یەوە، كە گوێی لە فەچالەی كوڕی عوبەید بووە (ڕەزای خوای لێبێت) فەرموويەتی: گوێم لە پێغەمبەری خوا ﷺ بوو دەيفەرموو: من كەفيلو دەستەبەری دەكەم بۆ ئەو كەسەی باوەڕ بە من بێنێت،و موسڵمان بێت (واتە: موسڵمان بێتو حەقو مافەكانی جێبەجێ بكات، وە ئەوەی كە خوای گەورە فەرمانی پێكردووە وەكو خۆی جێبەجێی بكات، وە گوێڕایەڵی فەرمانی خواو پێغەمبەرەكەی ﷺ بكات، فەرمانەكان جێبەجێ بكاتو دوور بكەوێتەوە لە قە قەدەغەكراوەكان،و سنووری خوای گەورە بپارێزێت (ئەوانەی حەددیان لەسەرە نەيكات)) وە كۆچ بكات (لەسەردەمی پێغەمبەری خوا ﷺ بۆ مەدينە، يان كۆچكردن بۆلای خوای گەورەو كۆچكردن لەوەی خوای گەورە قەدەغەی كردووە) بە خانوويەك لە دەورووبەری بەهەشت، وە بە خانوويەك لە ناوەڕاستی بەهەشت.

وە من كەفيلو دەستەبەری دەكەم بۆ ئەو كەسەی باوەڕ بە من بێنێت،و موسڵمان بێت،و جيهاد بكات لە پێناو خوای گەورە، بە ماڵێك لە دەورووبەری بەهەشت،و بە ماڵێك لە ناوەڕاستی بەهەشت،و بە ماڵێك لە پلە بەرزەكانی بەهەشت. –وەرگێڕ–.

# ئەو بەرهەمانەی وەرگێڕاوە

**١- بەروبوومەکانی باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر، وە ئارامگرتن و پلە و پایەی لە بیروباوەڕدا**

**نوسینی زانای پایەبەرز: الشيخ صالح بن فوزان بن عبدالله الفوزان**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٢- ناوی کتێب: پەروەردەکردنی منداڵ لە ژێر ڕۆشنایی قورئانو سوننەتدا**

**نوسینی: عبدالسلام بن عبد الله السليمان**

**پێشەکی زانای پایەبەرز: صالح بن فوزان الفوزان**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٣- تاوانە گەورەکان لە ژێر ڕۆشنایی قورئانو فەرموودە صەحیحەکان**

**زیاتر لە ١٠٠ تاوانی گەورە.**

**کۆکردنەوەو ئامادەکردنی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٤- هەڵبژاردنی الشيخ أحمد بن يحيى النجمى رحمە الله**

**لە کتێبی: (تأسيس الأحكام - شرح أحاديث عمدة الأحكام) لە بابەتی ڕۆژوو**

**نوسینی: الشيخ على بن يحيى الحدادى.**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٥- ئەو بابەتانەی تایبەتە بە ئافرەتی موسڵمانەوە لە ڕەمەزاندا.**

**نوسینی: الشيخ: خالد بن خميس الجنيبى**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٦- دە ئامۆژگاری بۆ خۆپاراستن لە نەخۆشی بەربلاو.**

**نوسینی: الشيخ عبدالرزاق البدر**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٧- پرسیار و وەڵام دەربارەی قورئان بۆ منداڵان**

**نوسینی: الشيخ:** الشيخ عرفات بن حسن المحمدي

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**پێداچوونەوەی: م. صلاح الدين عبدالكريم**

**٨-چی دەکەیت لە دوای لە دەستدانی خۆشەویستێکت؟**

**نوسینی: أبی عبدالعزيز منير الجزائری**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**٩- چی دەزانیت دەربارەی فیتنەی مەسیحی دەججال؟**

**نوسینی: أبی عبدالعزيز منير الجزائری**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**١٠- بەھەشتی بۆ مسۆگەر دەبێت**

**نوسینی: أبی عبدالعزيز منير الجزائری**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي

**١١- ماڵێك لە بەھەشت**

**نوسینی: أبی عبدالعزيز منير الجزائری**

**وەرگێڕانی:** هشام لطيف البرزنجي